# شه ڕی چاڵدوڕان

نووسه ر : عوسمان ئیلخانی زاده

---

باس : شه ڕی چالدو

کات : 2014-09-22

شوێن : Stockholm

پلاتفۆرمی (**زاگرۆس**)کۆنفه ڕانسێکی له ستۆکهۆڵم له سه ر شه ڕی چالدوران که ٥٠٠ ساڵ به ر له ئه و ڕۆ ڕوویدا به ڕیوه برد. له ٤ میوان داوای کردبوو که له سه ر ئه م بابه ته مێژووییه بدوێن.

١- عوسمان ئیلخانی زاده.

٢- شۆرش ڕه شی مێژوونووس خه ڵکی (کۆنیا)کوردستانی باکوور.

٣- دوکتور محه مه د ساڵحزاده مامۆستای زانکۆ و کار مه ندی باڵویزی فینلاند.

٤- نه جیبه قه ره دا غی.

من عوسمان ئیلخانی زاده ، هه وه ڵ وته بێژ، وتاری خۆم به م شێوه یه پێشکه ش کرد.

*************************************************

سڵاو له میوانان و سپاس بۆ میوانداران که هه ر دوولا خه مخۆری مێژوی کوردن.

به ڵام به ر له باسه که چه ند بۆ چوون.

١- مێژووزانا ن سیاسه ت وانان و ڕووناکبیرانی کورد به گشتی ده ڵێن ساڵی **١٥١٤ کوردستان بوو به دوو به ش .** من له هیچ لا په ڕێکی مێژوودا نابینم که کوردستانێکی یه کپارچه بوو بی ، کام کوردستان بوو به دوو به ش ؟ د وای ماده کان که ده یان به ڵگه ی مێژوویی هه یه بۆ کورد بوو نیان کوردستان هه ر گیز یه ک وڵات نه بوه تا ببێ به دوو.

٢- له باسه که دا له س ر دوو ده وڵه ت ده دوێین ، یه کیان ده و ڵه تی (**سه فه وی** )ئه وی تریان ده و ڵه تی (**عوسمانی**)یه ، ئه گه ر باسی ده وڵه تی ئێران و تورکییه ناکه م هۆی ئه وه یه که له مێژوودا ده و ڵه تێک به ناوی ئێران هه ر گیز نه بوه ، **ئیران** (فه لات= بان)یان خۆ سه ر زه مین بووه . ده و ڵه تی ئه شکانی ، ده و ڵه تی ساسانی، ، ده و ڵه تی سه فه وی و قاجاروده یان ده و ڵه تی دیکه که به پێی ده سه ڵات و تواناییان له ناوچه که داخاوه نی سنووری گه وره یان بچووک بوون.... . ئه وه( **ڕه زاشا** ) بوو که هه م مێژووی پڕ له درۆو، هه م ناوی ئێرانی دروست کرد(چاو له سه ر چاوه ده ره کییه کان بکه ن)

٣- ئێمه ی کورد وهک له سرووده نه ته وه ییه که شمان (**ئه ی ڕه قیب**)دا ده ڵێین سه یری که ن خوێناویه ڕابردوو مان دیسان نووسه ران، شاعیران، سیاسه ت وانان ، ئێمه یان به هه ڵه بردووه ئێمه هه ر گیز خوێناویترین مێژووی جیهانمان نه بووه.چه ند نموونه : ساڵی ١٩١٥ یه ک ملێۆن ئه ر مه نی به ده ستی تورکانی عوسمانی کووژران . له جه نگی دووهه می جیهانی دا ٦ ملێۆن **جوو** کوژران. **مارکس** ده ڵێ مێژوو، لاپه ڕی خوێناویتری له ژیانی کرێکارانی بریتانیا ی له بیر نییه . **پووشکین** شاعیری ڕووس ده ڵێ کرێکاران و هه ژارانی فه ڕانسه و بریتانیا لاپه ڕه کانی مێژوویان له فرمێسک هه ڵکێشاوه. هه ر له و ستۆکهۆ ڵمه تاعوو ن و شه ڕی سی ساڵه و نه خۆشێ و سه ر ماو سۆڵ وبرسێتی شه قامه کانی ئه و شاره یان پڕ کردبوو له ته ر می مردووچاوێک له کتێبی مێژوونووسانی سۆئێد وهک "**هێرمان ليندکويست،ئالف هێرمانسۆن ،ويلهێلم مووبه ری** و... که ن .هه ر وا سه دا ن نموونه ی مێژوویی دیکه هه یه ، که وابوو ئێمه ی کورد خوێنایترین مێژوومان نیه ،جا با که متر نۆستالژیا به سه ر خۆماندا بخوێنینم.

به کوته ی (**ترۆتسکی**)له به ر داره کان جه نگه ڵه که نابینین ، که وا بوو با له سه ره وه چاو له مێژوو که ین و که متر مێژووی مێژوو زانان بجووینه وه.

ئێستا

**شه ڕی چاڵدوران**

باسه که ده که ین به ٤ به ش

1-کورته مێژووی سه فه وی

2-کورته مێژوی عوسمانی

3-هۆکاری شه ڕه که

4-چۆنیه تی شه ڕه که

**سه فه وی کێ بوون**

1501-1722

زۆرینه ی مێژوونووسان لایان وایه **سه فه وی کورد بوو ن.** هه وه ڵ به ڵگه کتێبی **(صفوت الصفا)**نووسراوی:**ئیبنی به زازی ئه رده بیلی** یه که مریدی شێخ **(سه دره دین)**ی کوڕی **شێخ سه فی** بووه له سه ده ی ١١ دا له خانه قای **(ئه ر ده بیل).** ئیبنی به زاز دهڵێ :سه فه ویه کان کورد بوون ،له بنه ماڵه یه کی به ده سه ڵاتی کورد که سه رگه و ره یان ناوی**(فیرۆز شای کڵاو زێڕین)**بووه....هه ر وا **راجێر سیۆری، ئامبێرتی ، د ،نووری عه لا، ئه حمه د که سره وی** و زۆرینه ی مێژوو نووسان به کوردیان ده ناسن.

ئێستا بۆ ئه وه ی با سه که درێژ نه بێته وه ، به هه نگاوێکی ٣٠٠ ساڵه ی مێژووی خۆمان ده گه یه نین به چه ند پشت دواتریان ، وهک شێخ**(جونه ید)**و شێخ **(حه یده ر)**و شا**(سمایل)**چونکه ئه و ٣ پشته (باب و کوڕ و نه وه )یه مێژووی ئه و ناو چه یه یان گۆڕی.

له و کاتانه دا دوو ده سه ڵات به ناوی **(ئاق قۆیۆنلوو)**و **(قه ره وۆیۆنلوو)**كه هه وه ڵیان وێنه ی به رانێكی سپی له سه رئاڵاکه ی بوو ئه وی تریان وێنه ی به رانێکی ڕه شی به ئاڵاکه یه وه بوو ، هه ر چه ند هه ر دوو لا موسوڵمان بوون به ڵام ئاڵاكانیان ئاسه واری **(تۆتێمیزم= ئاژه ڵپه ره ستی)**پێوه مابوو. ئه و دوو ده سه ڵاته ماوه ی ١٢٣ ساڵ دژ و دژبه ری یه ک بوون وزۆرجار شه ڕوو لێكدانیانبووه.

کاتێ كه **(شێخ جونه ید )**،خه لیفه ی خانه قای ئه ر ده وێڵ ، ده سه ڵات وده ست و پێوه ندی زۆر ده بی **(جیهان شا)**ی قه ره قویۆنلوو په یامی بۆ ده نێری که ئه و ناو چه یه به جێ بێڵه ده نا ئه رده وێلت به سه ردا ده ڕووخێنم.جونه ید له ترسان په نا بۆ سوڵتانی عوسمانی ده با که عوسمانی ڕێگه ی ناده ن، ئیمجا په نا بۆ **(حه سه نه درێژی ئاق قۆیۆنلوو)** ده با له **دیار به کر**،حه سه ن به خێری دێنێ و خوشکی خۆی به ناوی**(خه دیجه)**لێ ماره ده کا . جونه ید و خه دیجه کوڕێکیان ده بێ به ناوی **(حه یده ر)**که دوای کووژرانی جونه ید به ده ستی قه ره قۆیۆنلوه کان ، ده بێته جێگری بابی وهیزیک پیکدینی به ناوی**(قزڵباش)** واته سه ر سوور که کڵاوی ١٢ قاشی سووریان له سه ر دابووه ، **ذبیح اللّٰه منصور** له کتێبی **تاریخ ادبیات ایران** دا ده ڵێ قزڵباشه کان شێخ جونه یدیان پێ خودا بوو شێخ حه یده ریشیان به کوڕی خودا ده زانی.هه ر له و کاتانه دایه که پایته ختی ئیمپڕاتۆری **(بیزانس)**واته **(کۆنستانتینۆپۆل)**که دواتر بوو به **(ئیسلامپۆل=ئیسلامبۆل=ئیستانبۆل)**ساڵی ١٤٥٣له لایه ن سوڵتان **(محه مه دی فاتێح)**ده ستی به سه ر دا گیرا وده سه ڵاتی ١٠٠٠ ساڵه ی **بیزانس** و هه ر وا سه ده کانی ناوه ڕاست کۆتاییان پیهات و عه سری مۆدێرن ده ستی پێکرد.

دوای ڕووخانی بیزانس ده سه ڵاتدارانی **شار ده وڵه ته کانی ئیتالیا**و ئه ناوچه یه ویستیان سه رنجی سوڵتانی عوسمانی .به ره و حه سه نی ئاق قۆیۆنلو ڕاکێشن تاکوو مه ترسی هێرشی دیکه ی عوسمانی نه مێنێ.

له و پێوه ندییه دا شای له ده سه ڵات که و تووی **ڕۆمی شه ر قی(بیزانس)**به ناوی**(کالیۆئانس)** بۆ نزیک بوونه وه له ده ر باری ئاق قۆیۆنلوو کچی خۆی به ناوی**(کاترینا=دێسپینا خاتوون)**پێشکه شی به ئوزوون حه سه ن کرد، ئاکامی زه ماوه ندی حه سه ن و کاترینا کچێک بوو به ناوی**(مارتا=عاله م شابه گم)**.

جونه ید و خه دیجه ش کوڕێکیان ده بێ به ناوی **(حه یده ر)**کاتێک که جونه ید ده کوژرێ حه سه نه درێژ،هه ر به مێر منداڵی **حه یده ری** خوشکه زای خۆی و **مارتا ی** کچی خۆی لێک ماره ده کا ، که ئه و زه ماوه نده ٣ کوڕی لێده که وێته وه به ناوی **سوڵتان عه لی. برایم و شا سمایل.** که دوای کێشه ی بنه ماڵه یی زۆر، سمایل به یار مه تی مریده کانی خانه قای باب و باپیرانی ده سه ڵاتی زۆر ده بێ وته ورێز و هه مه دان ده گرێ ، له ته مه نی ١٤ ساڵی دا له ته و رێز(ساڵی١٥٠١) تاجی شایه تی له سه رده نێ وهێرش ده کاته سه ر قه ره قۆیۆنلووه کان وله ناویان ده با،نامه ده نوو سێ بۆ **ده** ئه میری به ده سه ڵاتی وهک ئه میری (ئیسفه هان ، ئه میری شیراز کرمان ، یه زد و... هه موویان ده هێنێته ژێر ده سه ڵاتی خۆی وهێرش ده کاته سه ر ئوزبه کانی خۆراسان **شه یبه ک خانی ئوزبه ک** ده کووژێ و له ت و په تی ده کا هه ر له ته ی بۆ وڵاتێکی ده نێری بۆچاو ترساندنی ده سه ڵاتدارانی ناوچه ی ده ورووبه ری،له ئێسکی سه ریشیدا هه موو شه وێ شه ڕاب ده خواته وه و پێستی سه ریشی ده ئاخنێ و ده ی نێری بۆ سوڵتان **بایه زیدی** کوڕی سوڵتان **محهمه دی فاتێح** که ده بێته باوکی **سولتان سه لیم.**

هه ر وا دایکی خۆی **(مارتا)** به ده ستی خۆی دهکووژێ وبه هێرشێکی به ر بڵاو ئاق قۆیۆنلوو ه کانیش که باب و باپیریان پاراستبووله ناو ده باو و ٤ ساڵ له گه ڵ **(ئیزه دی)**یه کان شه ڕ ده کات و هێرش ده کاته سه ر **(موشه عشه عی)**یه کانی خووزستان و به و په ڕی ده سه ڵات هه موو ناوچه که ده خاته ژێر چنگی خۆی(تاریخ ٥٠٠ سال خوزستان احمد کسروی).

به شێک له مێژوو نووسان لایان وایه شاسمایل له شه ڕی چاڵدوران چه کی گه رمی به کار نه هێناوه به ڵام هه م له **(احسن التوایخ)**و هه م له**(عالم آرای شاسماعیل)**دا هاتووه که چک ی گه رمی به کار هێناوه.

ئێستا که شاسمایلی سه فه وی له و په ڕی ده سه ڵات دایه با سه رێک له وڵات و مێژوو ی عوسمانی بده ین.

**عوسمانی کێن و چۆن هاتنه کوردستان**

**1299-1923**

عوسمانی لقێک له تورکمانه کان بوون که له کۆتایی ده سه ڵاتی **(سه لجووقی)**یه کاندا له تورکمه نستانه وه هاتنه ئاسیای بچووک، ئه و هۆزه ی که عوسمانیان لێ ده که وێته وه ناویان **(ئۆغوز)**بوه ، به سه رۆکایه تی **(ئه ر تۆغرۆل** (، ساڵی،۱۲۳۲ز).

کاتێک ئۆغۆزه کان له ناوچه ی ڕۆژئاوای ئاناتۆلی نیشته جێ بوون **(عه لائه دین)** سوڵتانی سه لجووقی له شه ڕێکدا به شداریان ده کا که ئۆغۆز له و شه ڕه دا سه ر که و توویه کی به ر چاو به ده ست دێنن . به و بۆنه یه وه عه لائه دین شوێنێکیان له ڕۆژئاوای ئاناتۆلی بۆ دیاری ده کا ، پێوه ن دییان وا نزیک ده بێ له گه ڵ سه لجووقی که به **(سه لجووقیانی ڕۆم)**ناوبانگ ده ر ده که ن.

کاتێک که ئیتر له گه ڵ سه لجووقی تێکه ڵ بوون **(ئه ر تۆغرۆل)**ده سه ڵاتی خۆی په ره پێداو هێرشی کرده سه ر وڵاتانی ده و رووبه ر.

دوای نه مانی ئه ر تۆغرۆل ، کوڕی گه و ره ی به ناوی**(عوسمان)**ده سه ڵاتی وه ده ست گرت وساڵی ۱۲۹۹ده وڵه .تی **(عوسمانی)**پێکهێنا.

ده ڵه تی عوسمانی ڕۆژ به ڕۆژ به ره و گه شه بووتا کاتی **(سوڵتان محه مه دی فاتیح)**که ساڵی ۱٤٥۳ز،هێرشی کرده سه ر **(کۆنستانتینۆپۆل)**که دواتر بوو به **ئیسلامبۆل** و دواتریش **ئیستانبۆل** و ٦١ ساڵ دواتر نه وه ی محه مه دی فاتیح (سه لیم)هێرشی کرده سه.

ر**سه فه وی** وشه ڕی **چاڵدوران** ڕوویدا و ۲ ساڵ دوای ئه وشه ڕه ش ،هێرشی کرده سه ر **(میسر) نه سروڵلا فه لسه فی** ده لێ **المتوکل** ئه و کات حاکمی میسر بووکه سه لیم کوشتی و میسری هێنا ژێر ده سه ڵاتی خۆی.

دوای محه مه دی فاتێح **سوڵتان بایه زیدی دوو هه م** بوو به جێگری ، ئه وه هاو کات بوو له گه ڵ هه ڕه تی ده سه ڵاتداری **سمایلی سه فه وی** . که شاسمایل چه ندنامه ی پڕ له قسه ی ناشیرن ده مار گرژانه بۆ بایه زید ده نوو سێ بایه زید له جوابی ئه و نامانه دا نامه ی ئامۆژگاری و هه ڕه شه بۆ سمایل ده نوو سیته وه.

مێژوونوسان ده ڵێن به شێک له هۆی سه ر که و تنی عوسمانی هێزێک بووه به ناوی **(یه نی چێری/چریکی تازه/چریکی نوێ)**.کاتێک که عوسمانی هێرش ده کاته سه ر وڵاتێک، منداڵی ژێر ۷ ساڵ به دیل ده گرێ و ده یدا به بنه ماڵه تورکه کان تا ده بنه ۱٥ ساڵ ئه و کات ده وره یه کی ۷ ساڵه ی سه ره تایی سه ر بازی یان پێ ده بینی دواتریش ده و ره یه کی ۷ ساڵه ی دیکه ده بینن و دواتر به ناوی **(یه نی چێری)**، که ئیتر ته واو شه ڕ که رێکی لێهاتوون ، ده چنه ناو ئه ڕته شی عوسمانی که له هه موو شه ڕه کان سه ر ده که ون و له ٤٥ ساڵیدا خانه نشین ده بن.

بایه زید کوڕێکی ده بی به ناوی **(سوڵتان سه لیم)**که باوکی خۆی واته بایه زید به شیوه یه کی گوماناوی له ده سه ڵات ده خات و براکانی خۆی ده کووژێ و خۆی ده بێته سوڵتانی عوسمانی ، زۆر بێ به زه یی ده بێ هه ر که س ده کا به وه زیر دوای ماوه یه ک ده یکووژێ .تا ئه و ڕاده یه که له وڵاتی عوسمانی که ئه و کات ۷تا ۸ ملیۆن جه ماوه ری بووه هه ر که س دۆعای له که سێکی که ده کرد ده یکوت **یاخوابیی به وه زیری سوڵتان** واته یاخوا بکووژرێی، بۆیه ش به سه لیمی**(یاووز)**واته دڵره ق به ناوبانگ ده بێ.

ده سه ڵاتی عوسمانی سه ره ڕای داگیر کردنی به شێکی زۆر له ئاسیا و ئه فریقا تا ده ر وازه کانی**( وییه ن پایته ختی ئوتریش =هاپسبۆرگ** په ره ده گرێ.

سه لیم که ده بینێ له ڕۆژ هه ڵاتی ولاته که ی **سه فه وییه کان** خه ریکن به ده سه ڵاتتر ده بن و هه ر وا نامه ی سمایلی سه فه ویش بۆ سه لیم که ده ڵی له وڵاتی تۆ خه ڵک هه موو لایه نگری خانه قای منن . ئه و هۆ کاره و زۆر هۆکاری تر که له هۆکاری شه ڕه که دا باسی ده که ین ئیترسه لیم والێده کا بڕیاربداکه هێرش بکاته سه ر سه فه وی ،به ڵام ته نانه ت له لای نزیکترین که سانی ده و روو به ری خۆسی نای درکێنێ و بڵای ده کاته وه که هیزه کانی ئاماده بن بۆ هێرش بۆ سه ر (باڵکان)سمایل که ئه وه ده بیستی دڵ ئه ر خه یان ده بێ و هێرش ده کاته سه ر **(ئیزه دی)**یه کان له کوردستان و**(موشه ع شه عی)**ه کان له خووزستان.

سوڵتانی عوسمانی که ده زانێ پلانه که ی به کار هاتووه به ره و سه فه وی وه ڕێ ده که وی.شا سمایل که هه واڵی پێده گا ئاماده ده بێ بۆ به ر گری و ابه باش ده زانێ که له **ده شتی چاڵدوران** به ره نگاری عوسمانی بێ.

له و شه ڕه دا سه ر دارانی به ناو بانگی کورد وه کوو **سارۆ پیره**، (خه ڵکی بانه)و**(ڕۆسته می کڵاو چه ر مینه)وئه**

**میر عه بدولباقی** و **به گوڵلا حه سه**  وهه ر وا هۆزی **کاکه وه ند** ، هۆزی **سه گ وه ند** ، هۆزی **ئه سپه وه ند**و....به شداری شه ڕه که بوون،(سه ر چاوه تاریخ و جوغرافیای بانه نووسراوی محه مه د ره ئووفی ته وه کولی).

بۆ ئاگاداری ناوی ئه و هۆزانه ، مێژوویی ترین و ڕه سه نترین ناوی کوردین که ده گه ڕێته وه بۆ کاتی ئاژه ڵپه رستی کورد(تۆتێمیزم).

له دوای شه ڕی چالدوران سیستمی پاشایه تی عوسمانی بوو به (خه لافه تی عوسمانی).

**هۆکاری شه ڕه که**

له سه ر چاوه جۆراو جۆره کان هۆکاری شه ڕه که جوراو جۆر نووسراوه که لیره دا هه موو هۆکاره کان باس ده که ین..

١- ڕێکلامی شیعه گه ری له لایه ن سه فه وی له وڵاتی عوسمانی که سوننی بوون .

٢- عوسمانی به وه په رۆش بوو که ده وڵه تی سه فه وی له ڕۆژ هه ڵاتی وڵاته که ی به هێز ده بێ.

٣- شا سمایل لێژنه یه کی سیاسی نارد بۆ **(میسر)** و **(مه جار)**که سه لیم ئه و هه ڵوێسته له دژی خۆی ده زانی.

٤- شا سمایل نامه ی بۆ سوڵتانی عوسمانی نوو سیبوو که خه ڵکی وڵاته که ی تۆ مریدی خانه قای منن.

٥- ناردنی پێستی سه ری پڕ له کا ی شه یبه ک خانی ئوز به ک بۆ **بایه زیدی دووهه م** باوکی **سه لیم** .

٦- سه لیم ده ستووری دا ٤٠٠٠٠شیعه له و ناوچه یه بکووژنو٣٠٠٠٠شیعه ی دیکه ش داغ (نێوچاوان مۆر)که ن.

٧- شاسمایل به خه لیفه ی لایه نگری خۆی (خه لیفه نوور عه لی)ده ستوور دا ١٥٠٠٠سوننی بکووژن ومالْیان به تاڵان به رن .

٨- شاسمایل هه موو ساڵێ باجی له خه ڵکی (داغستان)و (شیروان)ده ستاند به و بۆ نه یه که سوننی بوون .

٩- ته سلیم نه کردنه وه ی **(سوڵتان مرادی عوسمانی** )که په نای بۆ شا سمایل هێنابوو .

١٠- کاتێک سه لیم ٤٠٠٠٠ شیعه ی کوشت **خان محه مه دی ئوستاجلوو**(ئه میری دیار به کر و خه لیفه ی شاسمایل بوو) نامه بۆ شاسمایل ده نووسێ و له گه ڵ نامه که ده ستێک جل و به رگی ژنانه و شمشیرێک بۆ شاسمایل ده نێرێ و ده نووسێ ئه گه پیاوی شه ڕی ئه وه شمشیر و وه ره بۆ شه ر، ده نا جل و به گی ژنان له به رکه و خه ریکی کار و باری ناو ماڵ به.

١١- له هێرشی عوسمانی که ٤٠٠٠٠شیعه کووژران ، ته نیا هۆزی **(سارۆ قا میش)**ده ستیان کرده وه وبه ره نگاری عوسمانی وه ستان و دوایه ش په نایان بۆ شاسمایل هێنا سه لیم له نامه یه کدا ، داواه ئه و هۆزه ی کرده وه و شاسمایل وڵامی داوه که ئێوه له وڵاتی خۆتان ٤٠٠٠٠شیعه ی لایه نگری ئێمه تان کوشت ئێمه ده ستمان له کاروو باری ناوخۆی ئێوه نه دا ، ئێستاش ئێوه بۆتان نیه ده ست له کاروو باری ناو خۆی ئێمه ده ن.

١٢- نیگه رانی سوڵتانی عوسمانی له لایه ن دایکی شا سمایل **(مارتا/عاله م شابه گم)**که نه وه ی **(کالیۆئانس)**ئیمپراتۆری بیزانس بووکه نه کا ببێته هۆی هاندانی سمایل بۆ تۆڵه ساندنه وه ی باپیری.

هه ر وا کۆ مه ڵێکی دیکه به ڵگه و بۆچوون هه یه که به پێی که م کاتی لێی لاده ده ین.

**شه ڕی چاڵدوران چۆن ڕوویدا**

به ینی **(ئیستانبۆڵ)**و **ده شتی چاڵدران** هه زار کیلۆمیتره . ماوه ی ٤ مانگی پیده چێ که سوڵتان سه لیم ده گاته شوێنی شه ڕه که. شاسمایل که ده بینێ هێزی عوسمانی هه ر دێنه پێشی ناچار له **د شتی چاڵدوران** که باشوور و باکووری دوو زنجیره کێوو شاخه و به ینه که یان ده شتی چاڵدورانه له ٢٠ کیلۆمیتری شاری خۆی(ئه و شاره به ناوی بنه ماله ی خۆی. کراوه که کورد بوون، سه ر چاوه شهریاران گمنام،احمد کسروی)هێزه کانی ئاماده ده کا.

به ره به یانی ڕۆژی ٢٣ ی مانگی ئاگۆست(ئووت)دوو هێزی عوسمانی که بریتی بوون له هێزی پیاده و سواره و تۆپخانه وهیزی تایبه تی **(یه نی چێری)** ، له ڕۆژئاوای ده شتی چاڵدوران به سه ر جه م ١٢٠٠٠٠تا٨٠٠٠٠سه ر بازی ئاماده و.

سه فه وی له ڕۆژ هه ڵات به هێزی پیاده و سواره و تفه نگچی و هێزی تایبه تی((**قزڵباس)**)و سه ر جه م٣٥٠٠٠تا ٢٨٠٠٠سه ر باز به ره نگاری یه ک ده وه ستن . به ئاگر دانی هه وه ڵ تۆپی **قۆر خان** فه ر مانده ی تۆپخانه ی عوسمانی شه ڕ ده ستی پێکردتا لای ئێواریٚ شه ڕ درێژه ی بوو شاسمایل له گه ڵ ٨٥ که س له پارێز گه ره کانی خۆی له جه نگه ی شه ڕه که دا هه ڵات و ماوه ی هێزه کانی کووژران یان به ی خسیری گیران که یه خسیره کان٤٠٠٠که س بوون و هه ر ئه و ڕۆژه سه لیم ده ستووری کوشتنی هه موویانی دا، واته له هێزی سه فه وی هه ر ئه و ٨٥ که سه ی که له گه ڵ سمایل هه ڵاتن ڕزگاریان هات.

دوای شه ڕه که سه لیم هاته ته و ڕێز ، دوو ژنی سمایلی به ناوی(**شازلی خانم و پیرۆزه خانم**)و کۆمه ڵێک له کنیزه . کان و ده ست و پێوه ندی سمایلی وهکوو کۆیله ، له گه ڵ خۆی برد.

هێندێک له مێژوو نووسان لایان وایه خه ڵکی ته و ڕێز به پێشوازی سه لیم چوو ن هێندێک به پێچه وانه ی ئه وه یان نووسیوه.

سه لیم هه فته یه ک له ته ورێز ماوه و گه ڕاوه بۆ وڵاتی عوسمانی.

**(مێژوو نووسانی فارس ئه و شه ڕه یان ناو ناوه (شاه جنگ ایران و عثمانی).**

سمایل دوای ئه و شه ڕه هه ر گیز پێنه که نی و هه ر گیز سوننی نه کوشت و تووشی خه مۆکی بوو له ترسانه ، پایته ختی خۆشی برده قه زوێن که له سنوره کانی عوسمانی دوور تر بێ و ئیتر لایه نگره کانیشی ئه و ڕێزه یان وهک شایه کی(**نه به ز**)بۆی نه ما.

شاسمایل ساڵ١٥٢٤ له ته مه نی ٣٨ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

ئه و شه ڕه به تاکه ڕۆژیک کۆتایی پیهات به ڵام تا ٣٣٤ ساڵ واته تاساڵ١٨٤٨ و په یماننامه ی ئه رزه رووم درێژه ی خه یاند.

٨٥ساڵ دواتر شاعه باس به شێک و دوای سه فه ویش نادر شا به شێکی دیکه ی یان سانده وه.

نه ته نیا هیچ ئاسه وارێک له ده شتی چاڵدوران وهک گول له تۆپێک یان خۆ، به رده گۆڕێک نابینی به ڵکوو له مووزه خانه کانی جیهانیشدا هیچ نابینی.

له ناوچه ی چالدوڕان ئاواییه ک بووه به ناوی(قه ره عه ینی)که به بۆنه ی ئه وه ی که ڕۆباری(قه ره سوو)به ناو ئاواییه که دا ده ڕوا، ناوی ده بێته ئاوایی قه ره سوو داواتر له کاتی کۆماری ئیسلامی که گه وره تر ده بێته وه ناوی(**شاری چاڵدوڕان**)ی له سه ر داده نێن

**پرسیاره کان**

چه ند به ڕێزێک له به شی پرسیاری سمیناره که ، پرسیاریان لێکردم که کورد له هه ردوو وڵاتی سه فه وی و عوسمانی دوای ئه و شه ڕه که و تنه چ قۆناغێکه وه؟

**وڵامی من** : شه ڕه فخانی به تلیسی ده ڵێ دوای شه ڕه که : سوڵتانی عوسمانی **مه ولانائیدریسی به تلیسی**(نووسه ری کتێبی هه شت به هه شت) که کوردێکی سیاسه ت وان و هێژا ده بێ و ٢٠ ساڵ له ده ر باری ئاق قۆیۆنلوو دا بووه دوای نه مانی ئاق قۆیۆنلو ده چێ بۆ ده ر باری عوسمانی جێگه و پێگه یه کی به رزی ده بێ ، سۆڵتانی عوسمانی وهک باڵوێزی خۆی ده ینێری بۆ لای ٢٨ **ئه میری کورد** له ناوچه ی **ئاناتۆلی** و بانگێشتنیان ده کاتوو دوای ڕێز ی زۆرپه یماننامه یه کی ٦ خالیان به م شێوه یه له گه ڵ مۆر ده کا.

١- ئه میرانی کورد، خۆ گه ر دانی ناوچه ی خۆیان ده بی.

٢- ئه ماره ت له باک به کوڕ ده گا.

٣- ئه میرانی کورد و سوڵتانی عوسمانی بۆ سیاسه تی ناوچه که ، هاوپه ی مان ده بن.

٤- ئه میرانی کورد و سولتانی عوسمانی له ته نگانه داده بێ هاوپه یمان بن.

٥- ئه میرانی کورد و عوسمانی له به را به رهه ر هێرشێک بۆ(کورد یان عوسمانی) پشتی یه ک ده گرن.

٦- ئه میرانی کورد ده بێ ساڵانه ماڵیات به ده وڵه تی عوسمانی بده ن.

ئه و په یماننا مه یه ٣٢٠ ساڵ له نێوان کورد و عوسمانی به و په ڕی باشی به ڕێوه چوو هه ر گیز هیچکامیان هێرشیان نه کرده سه ر لا یه نه که ی دیکه.

به ڵام ١٠ ئه میری کورد له وڵاتی سه فه وی دوای شه ڕه که ، هاتنه لای شاسمایل و و هاو په یمانی و یار مه تی خۆیان ڕاگه یاند ، شاسمایل ٨یانی خسته به نده (هێندێک ده ڵێن٨ یانی کوشت.)

**سه ر چاوه کان**


١- نگاهی به تاریخ ایران بعد از اسلام.......................................فریدون اسلام نیا.

٢- تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی، اقتصادی و فرهنگی در دوران صفوی.........عباسقلی غفاری.

٣- زندگانی نادر شاه پسر شمشیر .........................................................لارودی.

٤- نشریه مرکز اسناد و تاریخ دیپلماسی وزارت خارجه................... وه ر گێڕاوی حسن زندیه.

٥- دولت عوسمانی از اقتدار تا انحلال......................................................احمد اسماعیل یاغی.

٦- شهریاران گمنام...........................................................................احمد کسروی.
٧- تار نمای اذربایجان.........................................................................اسماعیل آبادی.
٨- زندگانی شاه عباس اول ...................................................................نصرالله فلسفی.٨
٩- تاریخ کامل ایران از تاسیس تاانقراض قاجار د.........................................دکتر عبدالله رازی.
10نبرد چالدران...................................................................دکتر محمد رضا بیگدلی.
١١- تاریخ ٥٠٠ ساله خوزستان.............................................................احمد کسروی.
١٢- تاریخ ایران.....................................................................................سر پرسی سایکس.
١٣- شاه اسماعیل اول و جنگ چالدران....................................................هاشم حجازی فر.
١٤- عالم آرای صفوی .........................................................................(نووسه ر بیَ ناو.
١٥- كۆمه لَیك مقالاتی ...........................................................................دوکتور نووری عه لا.
١٦- شیخ صفی و تبارش .......................................................................احمد کسروی.١٦
١٧دولت نادر شاه افشار..................................................................آرنووا اشرافیان . وه ر گێرحمید مومنی
١٨- ایران عصر صفوی...................................................................دکتر ریاحی.
١٩- سفارتنامه های ایران.....................................................................دکتر ریاحی.
٢٠- روابط سیاسی ایران و عثمانی......................................................بکر کوتوک ئۆغلو.
٢١- ققفاز و سیاست امپراتوری عثمانی..................................................جمال گوگجه.
٢٢- تاریخ عثمان پاشا.........................................................................یونس زیرک.
٢٣- تاریخ عثمانی ..........................................................................ئوزوون چارشلی.
٢٤- شه ڕه فنامه ..........................................................................شه ڕه فخانی به دلیسی.